# ئازەربایجان و ئەرمەنستان، دۆخی سەربازی قەرەباخ

## گفتوگۆ لەگەڵ (دکتۆر ئەفشار سلێمانی) شارەزا لەم بوارەدا و باڵیۆزی پێشوی ئێران لە کۆماری ئازەربایجان

سازدانی: فەرزاد رەمەزانی بونش

FOCUS

* لە چەند ساڵی رابـوردوودا و هاوکات لەگەڵ بێنەنجامی رەوەنـدی گفتوگۆکانی ئەرمەنستان و کۆماری ئازەربایجان لەبارەی قەرەباخ-ەوە، بەرپرسانی باکۆ بەردەوام بۆ سەندنەوەی قەرەباخ پەنایان بردۆتە بەر هێزی سەربازی. ئەگەر لە دۆخی سەربازی ئێستای دەوڵەتی ئازەربایجان وردبینەوە، ئەم وڵاتە لەم ساڵانەی دواییدا روبەڕووی کام گۆڕانکارییانە بووەتەوە؟

- بەڵگەنەویستە وڵاتێک، کە 20% خاکەکەی لەلایەن وڵاتێکیترەوە داگیرکرابێت و دوای 20 ساڵ هێشتا سەرکەوتوو نەبووە خاکەکەی وەرگرێتەوە و ملیۆنێک ئاوارە بگەڕێنێتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، ئەوا جێی خۆیەتی پشت بە هێزی سەربازی ببەستێت بۆ سەندنەوەی خاکەکەی و توانا سەربازییەکانی نیشانی دوژمنەکەی بدات.

لە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەدا پێویستە بوترێت هاوکات لەگەڵ گەشەپێدانی پـرۆژەی نەوت لە ئازەربایجان بە تایبەتی لە یەکەم کۆمەڵەی ناسراو بە (رێککەوتنی سەدە) لەبارەی کانەکانی (ئازەری - چراغ - گونشلی -Azeri-Chirag Gunashli) لەو بەشەی کە ئازەربایجان لە دەریای خەزەر بە هی خۆی دەزانێت، ئازەرییەکان هەوڵی زیادکردنی داهات و زیادکردنی بودجەیان لە ١٠ ساڵی رابوردوودا داوە، هاوکات بودجەی سەربازی زیادکردووە و بنەمای سەربازی خۆی پتەو کردووە. لەم زەمینەیەشدا دوای دیداری رەسمی (ئیلهام عەلییێف) سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بۆ ئێران لە زستانی ساڵی 2004دا و سەردانی بۆ پێشانگای توانا سەربازییەکانی ئێران، ناوبراو فەرمانی دامەزراندنی وەزارەتی پیشەسازی بەرگری وڵاتەکەی دەرکرد. ئەم هەوڵەش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەربازی ئەنجامدرا و لە ماوەی پێنج ساڵی رابوردوودا ئەم وڵاتە لەم بوارەدا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیووە.

بێجگە لەم کارانە، باکۆ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هێزی سەربازی خۆی، بەپێی ستانداردەکانی ناتۆ مەشق بە ئەفسەر و سەربازەکانی دەکات و بۆ ساڵی 2011 نزیکەی ملیۆن و نیویک دۆلاری بۆ بودجەی سەربازی تەرخان کرد. گۆڕان لە پۆتانسیێلی سەربازی کۆماری ئازەربایجان و ئەگەری پەنا بردنە بەر هێزی سەربازی لەلایەن ئەم وڵاتەوە بە مەبەستی ئازادکردنی خاکە داگیرکراوەکانی دوو باسی جیاوازن. هەرچەندە لە روکاردا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

بێجگە لەوە لەگەڵ هەوڵەکانی باکۆ بە مەبەستی بەهێزکردنی ژێرخانی سەربازی، بەڵام رووبەڕووی سنورداری بووەتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی بەرەنگاری تیرۆریزم لەگەڵ ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکان و ناتۆ هاوکاری دەکات، هەروەها لە چوارچێوەی پرۆژەی ئاشتی ناتۆدا بەشداره و لەگەڵ ناتۆدا رێککەوتنامەی سەربازی - سیاسی هەیە و سود لە راوێژی شارەزایانی ناتۆ وەردەگرێت. لە هەمان کاتدا وڵاتانی رۆژئاوا و ورسیا نایانەوێت ژێرخانی سەربازی ئازەربایجان بەرامبەر ئەرمەنستان بەهێز بێت. بێجگە لەوەی ئازەربایجان نایەوێت بە هێنانە ناوەوەی فاکتەرەکانی ئایین و مەزهەب بۆ ناو پرۆسەی قەرەباخی شاخاوی، بە

> **هەوڵەکانی باکۆ بە مەبەستی بەهێزکردنی ژێرخانی سەربازی، بەڵام رووبەڕووی سنورداری بووەتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی بەرەنگاری تیرۆریزم لەگەڵ ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکان و ناتۆ هاوکاری دەکات**

داخەوە دەبێت بڵێین وڵاتانی گروپی (مینسک -Minsk Group ) نایانەوێت ئەم قەیرانە لە بەرژەوەندی ئازەربایجان چارەسەر بکرێت. روسیا، کە خۆی دروستکەری قەیرانەکەیە بەردەوام پشتیوانی ئەرمەنییەکان بـووە و رۆڵـی بەرچاوی لە داگیرکردنی خاکی ئازەربایجان لەلایەن ئەرمەنستانەوە هەبووە. نوێکردنەوەی رێککەوتننامەی بوونی بنکەی سەربازی روسیا لە ئەرمەنستان بۆ ماوەی 49 ساڵ و لە ئەستۆگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتە، پەیامی نەرێنی لەلایەن مۆسکۆوە بۆ باکۆ بـوو. مۆسکۆ بەم رەفتارەی نابێت لە گروپی (مینسک)دا بێت، کە کاری چارەسەری قەیرانەکەیە.

بێجگە لـەوە لە وەڵامـی ئەو پرسیارەی ئایا کارەکانی باکۆ لەلایەکەوە بۆ پتەوکردنی ژێرخانی سەربازی و لەلایەکیترەوە هەڕەشە بۆ سەندنەوەی خاکە داگیرکراوەکەی، راستە یان نەخێر؟ پێویستە بڵێم بە بۆچوونی من باکۆ بەمەبەستي پتەوکردنی ژێرخانی سەربازی خۆی چەند کارێک ئەنجام دەدات، بەڵام لەڕووی بە کردار کردنی پۆتانسیێلی خۆی، هیچ جوڵەیەکی هەستپێکراو نابینرێت، واتا

مانۆڕی سەربازی بەردەوام و بەهێزکردنی هەستی سەربازی لەناو هاوڵاتیانی ئازەربایجان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە نابینرێت.

*** لە هەلومەرجی ئێستادا دۆخی سەربازی کۆماری ئازەربایجان بە بەراورد لەگەڵ ئەرمەنستان چۆن لێکدەدەیتەوە و تا چەندێک هاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوولادا هەیە؟**

- ڕوون و بەڵگە نەویستە کە ئازەربایجان لە ڕووی چەمکەکانی هێز (ڕووبەر، دانیشتوان، داهاتی نیشتیمانی، سەرچاوەکانی نەوت و گاز، پێگەی جیۆپۆلەتیک، ...) لە ئەرمەنستان بەهێزترە. وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، بودجەی سەربازی ئازەربایجان زۆر لە بودجەی سەربازی ئەرمەنستان زیاترە، بەشێوەیەک دەتوانرێت بوترێت بودجەی سەربازی ئازەربایجان دوو ئەوەندە یان زیاتر لە بودجەی گشتی ئەرمەنستانە. لەبەرئەوە تەرازووەکە بە لای ئازەربایجاندا قورسترە.

لەم نێوانەدا ئەوەی کە بۆتە هۆی قورسی تەرازووەکە بە لای ئەرمەنستان، بوونی سەربازی ڕوسیایە لە ئەرمەنستان و پشتیوانی ڕوسیایە لەو وڵاتە. ئەم ئامادەبوون و پشتیوانییە لە هەلومەرجێکدایە، کە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەخنە لەم هەڵوێستەی کۆشکی کرملین ناگرن و لەڕووی سیاسییەوە زیاتر پشتیوانی ئەرمەنستانن، هەرچەندە دروشمی چارەسەری قەیرانی قەرەباخ دەڵێنەوە.

*** (سێرز سەرگسیان - Serzh Sargsyan) سەرۆک کۆماری ئەرمەنستان لە وتەکانیدا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا بە ئاماژە کردنی بە وتەکانی سەرۆکی ئازەربایجان و سود وەرگرتن لە هێزی سەربازی ڕایگەیاندووە، کە لە ئەگەری مەترسی دوبارە دروستبوونەوەی شەڕ لەلایەن ئازەربایجانەوە، ئەرمەنستان دان بە سەربەخۆیی قەرەباخ-دا دەنێت، تێڕوانینی ئێرەوان بۆ بابەتی دانپێدانان بە سەربەخۆیی قەرەباخ چییە؟ ئایا ئەرمەنستان سوود لەم ئامرازە بۆ فشارخستنە سەر ئێرەوان وەردەگرێت؟**

- ڕوونە کە هەڕەشەی سەرگسیان، کە وتویەتی لە ئەگەری هێرشی ئازەربایجان دان سەربەخۆیی قەرەباخ-دا دەنێت، نمایشە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان مۆسکۆ بەرژەوەندی خۆی لە دانپێدانان بە سەربەخۆیی قەرەباخدا ببینێەوە، دوور نییە ئەم هەنگاوە بنرێت، بەڵام لەو لایەنەوە کە دانپێدانان بە سەربەخۆیی (ئۆستیای باشور - South Ossetia) و (ئەبخازیا - Abkhazia) لەلایەن ڕوسیاوە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە پێشوازی لێنەکرا، ئەوا ئەگەری دانپێدانان بە سەربەخۆیی قەرەباخ لاوازە.

بێجگە لەوانەش مۆسکۆ نیگەرانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆمارەکانی قەفقازی باکوری ناو فیدراسیۆنی ڕوسیایە و دانپێدانان بە ئۆستیای باشور و ئەبخازیا هەڵەی ستراتیژی کرملن بوون.

ڕەوەندی گۆڕانکارییەکانی قەفقازی باکور و ناوخۆی فیدراسیۆنی ڕوسیا بەرەو کرانەوە هەنگاو دەنێت و لە دەیەکانی داهاتوودا گۆڕانکاری گەورە لەو ناوچەیەدا ڕوودەدات.

*** بە بۆچوونی تۆ گرنگترین هۆکاری گۆڕانکاری لە دۆخی ئێستادا (نەشەڕ و نە ئاشتی) و دەستپێکردنی شەڕی نێوان دوو وڵاتی هاوسێی قەفقازی باشور چی دەبێت و هۆکارەکان کامانەن؟**

- گۆڕانی دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی لە قەفقازی باشور و پەیوەندی بە باسی قەرەباخی شاخاوییەوە، زیاتر لەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی ئەو دوو وڵاتەی ڕوبەڕووی یەکتر بوونەوە و ئێران و تورکیاوە هەبێت، بە ڕۆڵی ڕوسیا و کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە گرێ دراوە.

ئەرمەنستان لەلایەن لۆبی ئەرمەنی لە ئەمەریکا و ئەوروپا (بە تایبەتی فەڕەنسا) و ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە پشتیوانی دەکرێت، بەڵام ئازەربایجان تەنیا لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێت. پشتیوانی ئەنقەرە زیاتر لە ڕووی سیاسییەوەیە، نەک سەربازی. بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری ناوخۆیی ئەو وڵاتانەش کاریگەری هەیە. لە ئەرمەنستان ئەگەری ڕودانی گۆڕانکاری لە بواری سیاسیدا زیاتر لە ئازەربایجانە. بۆ نمونە ئەگەر هێزە نەیارەکانی سەرگسیان بگەنە دەسەڵات گۆڕانکاری لە ستراتیژی ئێرەوان بۆ چارەسەری قەیرانی قەرەباخ ڕوودەدات. لەگەڵ ئەو پشتیوانیانەی لە ئەرمەنستان

دەکرێت، دۆخی ئابوری ئەم وڵاتە گونجاو نییە و تا ئێستاش کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ وڵاتانی رۆژئاوا بەردەوامە. لەم بارەدا بە سەرکەوتنی (پتروسیان) لە ئەرمەنستان، ئیرەوان هەڵوێستێکی نەرمتر بەرامبەر قەیرانی قەرەباخ نیشان دەدات.

نزیکترین رێگەچارە بۆ قەیرانەکە لە تێروانینی باکۆوە بەڵگەنامەی (مەدرید)ە، کە تا ئێستا ئیرەوان رەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیوە. لە دوو تا سێ ساڵی رابوردووشدا کۆبوونەوەی سەرانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە (ئاستراخان) بە ئامادەبوونی سەرۆک کۆماری روسیا و دواتر کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی سێ وڵاتەکە و دوا کۆبوونەوە رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا نەگەیشتوونە چارەسەری قەیرانەکە و ئەگەر دۆخی ئێستا بەردەوام بێت دوورە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم قەیرانە چارەسەر بکرێت.

*** بە بۆچوونی تۆ لە ئەگەری روودانی شەڕدا لە نێوان ئیرەوان و باکۆ، پێشبینی چی سیناریۆیەک دەکەیت؟ لەم نێوانەدا هەڵوێستی هێزەکانی ناوچەکە وەک (ئێران و تورکیا) و وڵاتانی گروپی مینسک (روسیا و فەرەنسا و ئەمەریکا) و یەکێتی ئەوروپا چی دەبێت؟**

- بە بۆچوونی من لە ئێستادا ئەرمەنستان و ئازەربایجان و وڵاتانی ناوچەکە، هیچیان نایانەوێت ئەو دوو وڵاتە بچنە شەڕەوە. لە روکاردا بەردەوامی دۆخی ئێستا لەم هەلومەرجەدا بە پلەی جیاواز بەرژەوەندی سەرجەمی ئەو وڵاتانە و رۆڵگێڕەکان دابین دەکات. بە دڵنیاییەوە لەم نێوانەدا زیانی گەورە بەر ئەرمەنستان دەکەوێت دواتر ئازەربایجان. بەڵام ئەگەر شەڕ روویدا ئەگەری ئەم سیناریۆیانە هەیە:

- پشتیوانی سەربازی روسیا لە ئەرمەنستان.
- هەڵوێستی ئێران ناوبژیوانی لە نێوان دوو وڵاتەکەدا دەبێت.
- وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان دژی شەڕەکە دەبن و داوای گەڕانەوە بۆ دۆخی بەر لەشەڕەکە دەکەن و خوازیاری گەڕانەوە بۆ گفوگۆ و چارەسەری ئاشتیخوازانە بە سود وەرگرتن لە پۆتانسییلی مینسک دەبن.
- پشتیوانی وڵاتانی رۆژئاوا لە ئەرمەنستان.

**ئەرمەنستان لەلایەن لۆبی ئەرمەنی لە ئەمەریکا و ئەوروپا (بە تایبەتی فەرەنسا) و روسیا و وڵاتانی رۆژئاواوە پشتیوانی دەکرێت، بەڵام ئازەربایجان تەنیا لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێت. پشتیوانی ئەنقەرە زیاتر لە رووی سیاسییەوەیە، نەک سەربازی**

بە بڕوای من پێویستە ئەم هەنگاوانە بۆ چارەسەری قەیرانەکە لەبەرچاو بگیرێت:

- رێککەوتنی نێوان باکۆ - مۆسکۆ.
- رێککەوتنی روسیا و وڵاتانی رۆژئاوا لەبارەی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان.
- رێککەوتنی ئەنقەرە لەگەڵ ئیرەوان و باکۆ لەبارەی بابەتە دوو لایەنی یان سێ لایەنییەکانەوە.
- رێککەوتنی کاراکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان لەبارەی بابەتە ئاسایشی و ئابورییەکانی ناوچەی قەفقازی باشور.
- رێککەوتنی باکۆ - ئیرەوان لەبارەی بابەتەکانی نێوانیان و بابەتە ناوچەییەکان.
- رێککەوتن لەسەر دۆخی قەرەباخ، کریدۆر لاچین، سەرجەم ناوچە داگیرکراوەکانی ئازەربایجان و دیاریکردنی کشانەوە لەو ناوچانە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان و گۆڕینەوەی دیلەکان.